**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتان ـ عێـراق**
**ژمارەی دەرهێـنـــان : ٦**
**رۆژی دەرهێـنـــان : ٢٠٠٢/٥/٧**

پـشت بـە حوکمـەکانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای وەزیـری داد و رەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیـران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (١٣)ی رۆ ژی (٢٠٠٢/٥/٦) یــدا ئـەنجامی داوەو ، بـە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەش کـە برگـە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، بریـاری دەرهێنـانی ئـەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاســـای ژمـــارە ( ٦ )ی ســـاڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکـەم :**

بڕی ئـەو غەرامانـەی کـە دەقـەکانیان لـە یاسـای سـزاکانی ژمـارە (١١١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٦٩)دا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن :

**یەکـەم :** سەرپێچییەکان لە (٥٠) دینار کەمتر نابێ و لە (٣٠٠) دیناریش زیاتر نابێ .

**دووەم :** کەتن (الجنح) لە (٣٠١) دینار کەمتر نابێ و لە (١٥٠٠) دیناریش زیاتر نابێ .

**سێیەم :** جینایەت لە (١٥٠١) دینار کەمتر نابێ و لە (٥٠٠٠) دیناریش زیاتر نابێ .

**ماددەی دووەم :**

دادگا ، لەهەر رۆژەی کە حوکمدراو لە تەوقیفدا بەسەری دەبات بیست دینار لە غەرامەکەی کـەم دەکاتەوە .

**ماددەی سێیەم :**

ئەگەر جورمێك تەنها بە غەرامە حوکم داربێو حوکمدراوەکە غەرامەکـە نـەدات ، ئـەوە ، لـەو بارەدا دادگا لە جیاتی هەر بیست دینارەو یەك رۆژ حوکمی حەپسی دەدات ، بە مەرجێ مـاوەی حەپسەکە ، لە هەموو حاڵەتێکدا ، لە دوو ساڵ نەترازێ .

**ماددەی چـوارەم :**

حوکمـەکانی برگـەی سـێیەم لـە بریـاری ژمـارە (١٠٤)ی رۆژی (١٩٨٨/١/٢٧)ی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆرش (مجلس القیادة الثورة) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێ .

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجـەم :**

هەر دەقیٚ پیٚچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بیٚت ، ناخریٚتە بەركار .

**ماددەی شەشــەم :**

پیٚویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار .

**ماددەی حەوتەم :**

حوكمەكانی ئەم یاسایە لە رۆژی بلاٌوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا ، دەخریٚتە بەركار .

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆكی ئە نجــومــەنی نیشــتمانیی كوردســتان ـ عیٚــراق**

*******************************
***************
**********************
*********
**********
***

ئـــــەرشیفی رِۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com